# خوێندنەوەیەكی ئەكادیمی بۆ وتارەكەی هێنری كیسنجەر
# "هەڕەشەكانی بەردەم سەرۆك لە چوار ساڵی داهاتوودا"


**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**دوكتۆر/ عەبدوڵڵا عەلیاوەیی**


ڕۆژنامەی "كوردستانی نوێ" ی ئازیز لە ڕۆژی (٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤)دا، وتارەكەی هێنری كیسنجەری گەورە ڕاوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكاو وەزیری پێشووی دەرەوەی (كانوونی دووەمی ١٩٦٩ تا ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥)، كە لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا ڕۆژی (٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤) بڵاو كرابۆوەو لە لایەن بەڕێز (دلاوەر عوسمان) وەرگێڕا بوو، بڵاو كردەوە. ئەوەی سەرنجی منی بۆ نووسینی ئەم بابەتە ڕاكێشا ئەوە بوو كە بە داخەوە هیچ نووسەرو ڕۆشنبیرێك گرنگی بە ناوەڕۆكی ئەو وتارە نەداو كەسێكیش بە هەندی نەگرت تا شتێكی لە بارەوە بنووسێت. كە بە ڕاستی ئەوە جێی مخابنەو دەچێتە خانەی بێداری ڕۆشنبیرانی كوردەوە.

بە هەر حاڵ پێش دەست دەمەوێ بڵێ مكە ئەو شتانەی لە وتارەكەدا وتراوەو شەنو كەو كراوە شت گەلێكی نوێو تازە بابەت نین، بەڵام بۆ كاتوساتی ئێستای كورد گرنگیەكی هێجگار زۆری هەیە.. شتێكی نوێ نین لەبەر ئەوەی بەڕێز دوكتۆر بورهان یاسین (مێژوناسی كوردو مامۆستا لە زانكۆی لۆند – سوێد)، لە ساڵی (١٩٩٨)ەوە ئەم بابەتانەی وروژاندووە[1]. جگە لەوەش هەمدیس بەڕێزیان لە دوو نامەی جیا كە بۆ بەڕێزان (جەنابی مام جەلالو جەنابی كاك مەسعوود) لە ڕۆژانی ٩ و ١٠ ی نیسانی ٢٠٠٣ ناردبووی، واتە هاوكات لەگەڵ ڕۆژی ڕووخانی قەڵای دیكتاتۆری لە عیراق، ئەو شتانەی جەخت كردبۆوە[2].

سەرباری ئەوانەش لەگەڵ بەڕێزان مامۆستا جەمال عەبدولو دوكتۆر بورهان یاسینو كاك سەباح غالیبو كاك ساڵحدا، كە نوێنەری لیژنەی ئاشتیو ئایندە بووین، لە كاتی سەردان كردنمان بۆ ئەو دوو بەڕێزە لە كانوونی دووەمی ٢٠٠٤دا، باسی ئەم بابەتانەمان كرد (واتە دیموكراتیەتو كەمینەكانو ئایندەی كورد لە كاتی دامەزراندنەوەی حكومەتی عیراقدا).

بەر لە هەر شت ئەم وتارە زۆر بۆ گەلی كوردو بە تایبەتی بۆ سەرۆك بووش، ئینجا بە گشتی بۆ حكومەتی ئەمریكاو گەلانی عیراق... بۆ ئەوەی حكومەتێكی دیموكراتی فیدڕاڵی دەستووریی بچەسپێ لە عیراقو ببێتە نموونە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی وڵاتە عەرەبەكان.

گەر بێتو سەرنجێكی ورد بدەینە وتارەكە تیدەبینین ئەوە دەكەین كە بۆ سێ جار ناوی (كورد) بە ئاشكرا هاتووە، سێ جاریش ناوی شیعە هاتووە. بەڵام هەر جارێك بۆ مەبەستێكی جیاواز بەكارهاتووە، بۆ نموونە وشەی (كورد) لە جاری یەكەمدا لەگەڵ وشەی شیعەو سوننە پێكەوە

هاتووە، کە مەبەستی کیسنجەر ئەوە دەگەیەنێت بە هەبوونی ئەم سێ کۆمەڵە جیاوازانە لە رابردوودا عیرا قبە گیروگرفت بووە لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێ ئەگەر چارەسەر نەکرێ.

وشەی (کورد) لە جاری دووەمدا ئەوە دەگەیەنێت کە پرۆسەی سیاسی لە عیراق سەرناکەوێت گەر گەلی کورد رۆڵی کارای نەبێت لە حوکمڕانی ئایندەی عیراقدا. لێرەدا کیسنجەر راشکاوانە داوای زامن کردنی مافی رەوای گەلی کورد دەکات لە سەرۆك بووش لە پای سەرکەوتنی پرۆژە سیاسییەکانی ئەمریکا لە عیراقدا.

بەکارهێنانی وشەی (کورد) لە جاری سێیەمدا بەرروونی کیسنجەر لە نێو دێڕەکاندا دەڵێ: گەر هاتوو دیموکراتیەت بە مانای حوکمی زۆرینە بێت ئەنجامی باشی نابێ. بەڵکو دەبێت زۆرینە زاڵ نەکرێ. ئەوەش لە سۆنگەی ئەوەوە دەکرێ کە لە دەستووری داهاتووی عێراقدا دان بە مافی حوکمی فیدراڵی بنرێت لەگەڵ چەسپاندنی ئازادی بیرو را دەربڕین. کەواتە دیسان کیسنجەر مەترسی لەوە هەیە کە کورد ببێتە قوربانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو وڵاتانی ناوچەکە وەك ئەوەی کە لە (٦ی ئاداری ١٩٧٥)دا روویدا.

هەروەها کیسنجەر دوو جار وشەی (کەمینە)ی بەکارهێناوە، لە جاری یەکەمدا وای لێکداوەتەوە کە مەترسی هەمیشەیی لە ناوچوونی سیاسییانەی کەمینە دێت. کەواتە مەبەستیی کوردیش دەگرێتەوە. چونکە کەمینە بە گوێرەی دانیشتووانی عیراق کورد یەك لەسەر پێنجە !؟ ئەوە جگە لە کەمینەی تورك‌و کلدو ئاشوور...

بەکارهێنانی وشەی کەمینە لە جاری دووەمدا مەبەستی زامن کدرنی فیدڕاڵییە بۆیان لە چوارچێوەی دەستوورێکی هەمیشەیی. بە بۆچوونی من کوردیشی مەبەستە.

جگە لەو وشانەی سەرەوە دوو جار وشەی رەگەزو دوو جاریش وشەی گروپی بەکارهێناوە. ئەگەر خوێنەر سەرنج وردەکار بێ، لەو وتارەدا ئەم وشانەش واتە (رەگەزو گروپ)، جگە لە کەمینەکانی تورك و کلدو ئاشوور کوردیش دەگرێتەوە. گەرچ من وای بۆ دەچم پترمەبەستی کورد بێ . بەڵگەش ئەوەیە کە کیسنجەر لە وتارەکەیدا تەنانەت یەکجاریش ناوی تورك‌و کلدو ئاشووری نەهێناوە. بەڵام سەرەڕای ئەمانە لێرەدا شتێکی گرنگ تێبینی دەکرێ کە کیسنجەر لە سێ شوێنی جیادا ناوی شیعەی بردووە:

جاری یەکەم لەگەڵ کوردو سوننەدا بەکارهێنراوە. بەو مانایەی کە ئەمانە زۆرینەی گەلی عیراق پێکدێنن ئەگەر هاتوو هەڵبژاردنێکی نیشتمانی پشت بە حوکمی زۆرینە ببەستێت هاوسەنگیەکی ناتەواو دروست دەکات کە دەبێتە مایەی چەسپاندنی حوکمی زۆرینە کە بە رای من مەبەسرتی کیسنجەر زۆرینەی شیعەیە لێرەدا.

جاری دووەم کە بە تەواوکاری خاڵی یەکەم دەژمێردرێت لەوێدا کیسنجەرر دەڵێ: ئێستا شیعە لێبوردەیی لەگەڵ بوونی ئەمریکا لە عیراق بەکار دێنێ؟ بەڵام کیسنجەر دوو دڵە لە بەردەوامبوونی ئەم لێبوردەییەی شیعە لە داهاتوودا! کەواتە بووش ئاگادار دەکاتەوە کە ئەم مەسەلەیە دەبێ

لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ‌و بایەخی زۆری پێ بدرێت‌و پەلە لە هەڵوێستی شیعە نەکرێ. هەروەها نابێ ئێمەش خۆش باوەڕ بین بە شیعە لە داهاتوودا.. ( کە ئەوە باسێکی تایبەتەو زۆری دەوێ، چونکە پەیوەستە بە شیعەی ئێران‌و سوریاو خواروی لوبنان.. کە باسێکی جیاوازەو پێوەندی بەم باسەوە نیە).

جاری سێیەم کیسنجەر وا پێشبینی دەکات کە ئەم هەڵوێستەی شیعە لەم کاتەدا مەبەستیان گۆڕینی مۆدێلی مێژوویی حوکمی سوننەیە لە عیراق وەکو هەنگاوێکی بەرایی بۆ باڵا دەستی شیعە لە حکومەتی داهاتووی عیراق.

کەواتە دەتوانم بڵێم سێ جار بەکارهێنانی هەر یەك لە کوردو شیعە لە وتارەکەی کیسنجەردا مەبەستی جودای هەیە وەکو بە ئاشکراو روونی بۆمان بەدەر دەکەوێت کە دەڵێ: کورد چەوساوەیە نابێت چیتر بچەوسێتەوە، دەبێ بە مافی خۆی بگات (فیدرالییەکی پابەند بە دەستووری هەمیشەیی لە عیراق). لە هەمان کاتدا شیعە جێگای مەترسییە لە ئایندەو هەوڵ دەدات بۆ باڵا دەستبوونیان لە حوکمڕانی عیراقی داهاتوو.

شیاوی باسە پێش ئەوەی بە قوڵایی لایەنەکانی دیکەی بابەتەکەدا شۆڕ بینەوە پرسیارێك خۆی دەسەپێنێ، ئەویش ئەوەیە کە بۆ کیسنجەر داکۆکی لە دابینبوونی مافی کورد دەکات یاخود لەو وتارەیدا مەبەستیەتی..!؟ بەرای من ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك:

١- کیسنجەر وەك بڵێیت هەست بە ئازاری ویژدان دەکات بەرامبەر بە گەلی کورد لە نسکۆی ئاداری ساڵی ١٩٧٥.

٢- بەڵگە بۆ خاڵی یەکەم ئەوەیە کە هەردوو بەڕێزان (جەنابی کاك مەسعوودو جەنابی مام جەلال) پاش راپەڕینە سەرتانسەریەکەی خەڵکی کوردستانی عیراقی بەهاری١٩٩١و دەرپەڕاندنی دامودەزگاکانی بەعس لە کوردستاندا، سەردانی ئەمریکایان کرد، لەوێدا بەرێز جەنابە مام جەلال چاوی بە کیسنجەر کەوتبوو، کیسنجەر گازاندەی لە سەرکردایەتی کورد کرد بوو کە چۆن چوونەتە لای سەددام بۆ گفتوگۆ !؟ چونکە ئەوکاتە کیسنجەر سەر قاڵی نووسینی زنجیرە بابەتێك بوو لەسەر کوردی عیراق کە ئەنجامی باشی بە قازانجی کورد لێ دەکەوتەوە، بەڵام ئەو بە جەنابی مام جەلالی راگەیاند بوو کە چوونی سەرکردە کوردەکان بۆ بەغدا وای لەو کرد کە بڵاوی نەکاتەوە..!

٣- ئێستا کاتی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی حکومەتی عیراقە (وەك ساڵانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی‌و دامەزراندنی حکومەتی عیرا قلە ساڵی ١٩٢١ و پشت گوێ خستنی مافی رەوای کورد...) کەواتە بە رای کیسنجەرزەمینە لە بارە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی کورد لە عیراق، ئەگەر ئەو دەمە چ نەکرێ کەواتە ئەم دەرفەتە لە ناو دەچێ یاخود وا زوو جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە.

٤- کیسنجەر وەکو کەسایەتییەکی خاوەن ئەزموون لە مەسەلەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاو جیهان (بەو پێودانگەی لە کاتێکدا کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو چەند تەنگ و چەڵەمەیەك لە گۆڕێ بوو، لەوانە: جەنگی ڤێتنام‌و ئەمریکا، گیروگرفتی نێوان عەرەب – ئیسرائیل، جەنگی کوردو رژێمی عیراق. ئەوە جگە لە ئارادابوونی جەنگی ساردی شکە لە لوتکەی پەرەسەندنەکانیدا بوو، هەروەها گیروگرفتی نێوان کوبا و ئەمریکاش لەو لاوە بوەستێ ...). کەواتە ئەو ئەزموونە زۆرەی کیسنجەر نابێ بە هەند وەرنەگیرێت. بە بۆچوونی من کیسنجەر گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە کورد گەورەترین نەتەوەیە لە جیهاندا کە بە هیچ مافێکی رەوای خۆی نەدراوەتێ و پێشیان رەوا نەدیوە (کورد حاڵی حازر لە جیهاندا بە چل ملیۆن کەس دەخەملێنرێت). بۆیە بە بۆچوونی من کورد هەردەم بۆمبێکی (تەوقیت)کراوە لە ناوچەکەدا کە لە لایەن نەیارانی ئەمریکاوە دەتوانرێت بەکار بهێنرێت دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی. ئێرانیش یەکێك لەو وڵاتانەیە کە لەم بارەوە دەتوانێت جێ پەنجەی بنوێنێ..!

٥- بە رای من کیسنجەر لە پاش رووداوی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە هەموو یاخود لانی کەم زۆربەی هەرە زۆری موسڵمانەکانی جیهان (کە ژمارەیان دەگاتە ملیارێك کەس)، جگە لە کەمینەکان یاخود سەرەك دەوڵەتە ئیسلامیەکان نەبێ، تێکڕا دژی ئەمریکان. لەو نێوانەشدا تەنیا گەلی کوردی ماف خوراو نەبێ کە دۆستی ئەمریکایە.

بەڵگە نەویستە جوڵانەوەی ئیسلامی سیاسی چەند بەهێزە کە بەزۆری مەڵبەندی توندڕەوەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە سەریان هەڵداوە، وەك توندرەوەکانی ئێران، ئەفغانستان، شیشان، پاکستان، کشمیر لە دوا رۆژدا، ئەندەنووسیا... کەواتە کورد لە رووی جیۆپۆڵەتیکەوە دەکرێ سوودێکی گەورەی ببێ و دیوارێکی پۆڵاین بێ بۆ بەرەستکردنی شاڵاوی تێکدەرانەی ئەوان. بەڵگەش ئەوەیە کە لە دوای رزگارکردنی گەلانی عیرا قلە دەستی رەشی رژێمی سەددام، تیرۆریستان نەیانتوانی لە کەوشەنەکانی کوردستانەوە دزە بکەنە ناو خاکی عیراق (ئەگەر لەو پێناوەشدا هەوڵیان دابێ یا دەستگیر کراون یا دەگمەن دەرباز بوونە). بەڵام لە سنوورەکانی سعوودیەو ئوردن‌و سوریادا بە بەردەوامی تیرۆریستان توانیویانە دزە بکەن ناو خاکی عیراق، کە بوونەتە مایەی خولقاندنی ئەو ئاژاوە نەبڕاوەیە. بە تایبەت لە سێ گۆشەی سوننەنیشیندا. ئەوە لە کاتێکدا کە سنووری سوریا – عیراق بە خۆڵ هەڵبەستراوە بۆ نەپەڕینەوەی تیرۆریستان. کەواتە من لێرەوە دەمەوێ بڵێم کیسنجەر پێشنیاری سەرۆك بووش دەکات کە گەلی کورد، بە تایبەتی لە عێراقی ئەمڕۆدا، جێی متمانەن‌و نابێت رۆڵ و مافیان فەرامۆش بکرێ. لە سەرێکی دیکەشەوە ئەم پێشنیارە بە بۆچوونی من بۆ سەرۆك بووش رەهەندی مێژوویی خۆی هەیە، کە دەکرێ لەم خاڵانەدا راڤە بکرێ:

یەکەم/ گراهام ڤولەر کە لە دەزگای (ڕەند) کار دەکات سەر بە دەزگای هەواڵگری ئەمریکیە، پێچش رووخالنی سەددام بە ماوەیەك لە نووسینێکدا وتبووی: کورد لەمەو دوا دەکەوێتە ناو چوارچێوەی ستراتیژیەتی ئەمریکاوە.

دووەم/ کۆندەلیزا رایز راوێژکاری سەرۆك بووش بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی بەر لە رووخانی سەددام وتی: کورد لە ناوچوارچێوەی ستراتیژیەتی ئەمریکایە... کەواتە کێشەی کورد قۆناغێکی زۆر بەرز هەڵکشاوەو وەك کیچشەیەکی سیاسی چەسپیوە.

سێیەم/ گەر سەرچاوەی زانیاریەکەم دروست بێ، وا بزانم سەرۆك بووش دوور لە کەناڵەکانی راگەیاندن وادەی ڤیدراڵی حکومەتی عیراقی ئایندەی بە بەڕێزان (جەنابی مامە جەلال و جەنابی کاك مەسعوود)دابوو، کە بەر لە رووخانی سەددام ئەو دوو بەڕێزە سەردانی ئەمریکایان کرد بوو، چاویان بە سەرۆك بووش کەوتبوو.

چوارەم/ سەردانی سەرۆك بووش بۆ عیراقە لە کاتێکدا کە بەڕێز جەنابی مام جەلال سەرۆکی ئەنجوومەنی حوکم بوو، سەرکەوتنێکی گەورەی دەگەیاند لەمەڕ زەمینە سازی بۆ سەرخستنی دیپلۆماسیەتی کورد.

پێنجەم/ سەردانی کۆڵن پاوڵ (وەزیری دەرەوەی ئەمریکا) بۆ مەزارگەی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە پاش تەفروتونا بوونی رژێمی سەددامو پێشوازی کردنێکی فەرمیانە لە لایەن بەڕێزان (جەنابی کاك مەسعوودو جەنابی مام جەلال).

شەشەم/ بروسکەی ماتەمینی سەرۆك بووش بۆ کەس وکاری شەهیدانی کارەساتی یەکەم رۆژی جەژنی قوربان (١ی شوباتی ٢٠٠٤) لە هەردوو بارەگای (مەلبەندی سیی ینك و لقی دووی پدك) لە شاری هەولیر، لە ریگەی پەرلەمانی کوردستانەوە.

بیگومان ئەم بەلگانە بەسن بۆ ئەوەی سەرنجی تیبینیکاران راکیشیت، بۆیەش کیسنجەر لە سۆنگەی ئەو زانیاریانەوە راشکاوانە باس لە زانم کردنی ماف و رۆلی کورد دەکاتو سەردیرەکانیش بە بیر سەرۆك بووش دەهینیتەوەن کە ئەم جارە نابێ و مومکین نییە عیراقی ئایندە ئاسوودەیی بە خۆوە بگرێ بە بێ چەسپاندنی مافی رەوای کورد.

لە گەرانەوەیەکدا بۆ سەر خویندنەوەی هەندێ لە ناوەرۆکی واترەکەی کیسنجەر چەند خالیکی دیکە دەکرێ تاووتویی لە بارەوە بکرێ، لەوانە:

یەکەم/ کیسنجەر داوا لە نەیارانی ناوخۆیی سەرۆك بووش دەکات کە یەکیتیی ریزەکانی خۆیان راگرن لە پیناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو تاوەکو نەبنە مایەی نانەوەی گیروگرفت. چونکە ئەمریکا ئیستا سەرشتی ئاشتی دەکات لە جیهانو ئەو بەردەوامبوونەش پەیوەستە بە یەکیتیی ریزەکانی گەلی ئەمریکا. هەروەها کیسنجەر داواش لە دەولەتانی دیکە دەکات کە ئالیکاری ئەمریکا بکەن لە وەسەر پیخستنەوەی پرۆسە سیاسیی و ئابووریی و بیناسازییەکان لە عیراقداو جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوەکە پیشبینی سەرکەوتنی ئەم پرۆسانە لە داهاتوویەکی زوودا ناکرێ

لەبەر ئەوەی تیرۆریستان توندو تۆڵن و توانای هەڵسوڕانی جەنگی پارتیزانیان هەیە. بۆیە پێویستە بە توندی رەفتاریان لەگەڵ بکرێ. چونکە ئەگەر بێت و ئەو شوێنانەی کاری تیرۆریستی تێدا ئەنجام دەدرێت نەرمیان لەگەڵ ەبکار بهێنرێت ئەنجام و ئاکامی باشی نابێ. جێی سەرنجە کیسنجەر ئاماژەی داوە کە گاردی نیشتمانی (الحرس الوگنی) متمانەی پێ ناکرێ. چونکە وەلایان نییە. ئەمانە تازە دامەزراون و تا شەرعیەت وەردەگرن ماوەیەکی زۆری دەوێ.

دووەم/ کیسنجەر لە بارەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عیراق دواوە و دەڵێ: هەڵبژاردنەکان قۆناغی کۆتایی پرۆسەکە نییە، چونکە دیموکراتیەت لە عیراقێکی فرە رەگەزو تایفەگەری گیروگرفتی زۆر دێتە رێ. ئەو دیموکراتیەی کە لە رۆژئاوادا هەیە لە ئەنجامی هاتنەوەیەکی دووری مێژوویی پەیدا بووە کە ماوەیەکی زۆری خایاندووە تا گەیشتووەتە ئەم قۆناغەی ئێستای کە قۆناغی سەرمایەدارییە. لە عیراق و هەموو وڵاتە ئیسلامیەکانی جیهاندا شکست ئاسان و ئاسایی نییە لە هەڵبژاردنەکانداو بە مەسەلەیەکی کاتی لە قەڵەم نادرێ. بەڵکو بە پێچەوانەوە بە نشوستیەکی بنەڕەتی دەژمێردرێت لە گۆڕەپانی سیاسییدا.

کەواتە کیسنجەر سەرۆك بووش ئاگادار دەکاتەوە کە نابێ جڵەوی دەسەڵات لە عیراقدا بە بێ زامن کردنی مافی رەگەزەکانی دیکە یاخود بە بێ چەسپاندنی مافی کەمینەکان بدرێتە زۆرینە. ئەگەر پێچەوانە کەوتەوە بە دوور نابینرێ توندوتیژیی ناوخۆیی لە نێوان (کورد، سوننە، شیعە) بەرپا بێ. ئەو توندو تیژی و پەشێویە دژ بە ئەمریکا نییە، بەڵکو بۆ چەسپاندن و سەلماندنی باڵا دەستیە لە هەڵسوڕاندنی حوکمی عیراق یاخود لە پرۆسەی سیاسی داهاتووی وڵاتدا. نموونەیەکی زیندوو بۆ ئەم راستیە دەکرێ بوترێ کە دەقی ئەو وتەیەیە کە ژەنەڕاڵ ریتشارد مایزەر لە رۆژی ١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤ لەبەردەم کەناڵەکانی راگەیاندن پیشکەشی کرد، کە لە میانەیدا ئەوەی جەخت کردەوە کە پاش هەڵبژاردن لە عیراقدا مەترسی هەڵایسانی جەنگی ناوخۆیی دەبێ لە نێو گروپە جیاجیاکانی گەلانی عیراقدا. روونتر دەمەوێ بێژم، گونجاوە ژەنەڕاڵ مایزەر لە وتارەکەی کیسنجەر بێ ئاگا بێ. بەڵام ئەمەش زەنگێکە بۆ سەرۆك بووش و لە سەرێکی دیکەشەوە راستی بۆچوونەکانی وتارەکەی کیسنجەر دەسەلمێنێت. بەو پێیەش ئەم بیروبۆچوونانەی کیسنجەر رێك دەبێتە مایەی لێکۆڵینەوە و جێی متمانەی سەرۆك بووش و راوێژکارانی لە پای هەڵسوڕانی سیاسەتیان لە عیراقی دوای هەڵبژاردن.

سێیەم/ کیسنجەر دیموکراتی حکومەتی تورکیا بە نموونە دێنێتەوە کە لەسەر دەستی تاکێکی دیکتاتۆر هاتووەتە کایەوە (واتە مستەفا کەمال). من ئەو نموونەیە زۆر بە راست ئەزانم، بەڵگە بۆ ئەو بۆچوونەم ئەوەیە کە کورد چەند هەوڵیدا لە رێی خۆپیشاندان و داواکردن لە پەرلەمانی کوردستان و هەروەها لێدوانی توندو... کەچی کورد نەیتوانی بارەگاکانی (P.M.F) لە کوردستاندا هەڵقەڵێنێ. بەڵام لە رێی دیالۆگەوە ئەو مەبەستەی دەردەست کرد کە پاش سەردانی هەر دوو بەرێزان جەنابی مام جەلال و جەنابە کاك مەسعوود حکومەتی تورکیا هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەم هێزەی لە

کوردستانی عیراقدا بکێشێتەوە. دواتر خۆمان بە بەرچاوی خۆمان بینیمان چۆن لە کێشانەوەی ئەو هێزە ئاهەنگ ساز کرا.

شیاوی باسە دوکتۆر بورهان یاسین لە ژمارە (١٢)ی رۆژنامەی (پەیام)دا وتارێکی کورتی نووسیوە کە باس لە گرنگی پشت تێکردنی خەباتی چەکداری دەکات لە لایەن (پ.ك.ك)ەوە، بەو پێودانگەی چەند زووتر دەست لە خەباتی چەکداری هەڵگیرێت ئەوەندە لە بەرژەوەندی کورد دا دەبێ. چونکە هەبوونی ئارامی لە تورکیا مانای چصوونە ناو یەکێتیی ئەوروپا دەگەیەنێ کە خەونی شیرینی لە مێژینەی تورکیایەو ئەوەش بە قازانجی کورد بە کۆتا د ێلە ئایندەدا کە رواڵەتەکانی ئەو بارودۆخە ئێستا وردە وردە سەرهەڵدەدات...

چوارەم/ کیسنجەر ئاماژەی بەوە داوە گەر بێتو دوای هەڵبژاردنەکان بەپێی دەستوورێکی هەمیشەیی بڕیار لەسەر فیدڕاڵیو دیموکراتیو زامن کردنی بیرو رای ئازاد بدرێ، دەبێتە مایەی داین بوونی هێمنیو ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی عیرا قبە پەیوستبوونی ئەمریکا بۆ یارمەتیدانی حکومەتی عیراق. ئەوەش ئەوەی لی بەدی دەکرێ کە عیراق بگەرێتەوە ناو کۆڕی راستەقینەی نێودەوڵەتی، لە سۆنگەی چاودێری (U.N)و بە راوێژکاری لەگەڵ چەند وڵاتێکی خاوەن ئەزموون لە بواری هەڵسوکەوتو رەفتاری گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکان، کە ئەو وەك نموونە وڵاتانی (روسیا، هیند، تورکیا، جەزائیرو ئەمریکا) ناو دێنێ. هەروەها کیسنجەر ئەوەش بە چاك دەزانێ کە هێزی (ناتۆ) بەشدار بێ لە چەسپاندنی ئاسایشی عیرا قلە پای پاراستنی پرۆسەی سیاسیی لە عیراق.

پێنجەم/ لە کۆتایی وتارەکەیدا کیسنجەر بووش ئاگادار دەکاتو پێی دەڵێت: کە هیچ دەوڵەتێك لە جیهاندا بە تاکی تەنیا تا سەر ناتوانێ سەرپەرشتی سیستەمی جیهانی بکات. من لێرە نموونەیەك لە بارەی راستی وتارەکەی کیسنجەر بەوە دێنمەوە کە (جاك شیراك)ی سەرۆکی فەرەنسی لە رۆژی (١٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤)دال ە دیدارێکدا ئەوەی دووپات کردەوە کە لادانی رژێمی سەددام کارێکی چاك بوو...! بەڵام کاری توندوتیژی لە زیاد بووندایە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەمریکا بە تەنیا ناتوانێ زاڵ بێت بەسەر توندڕەوەکانی جیهان. کیسنجەر لێرەدا بە بیر سەرۆك بووش دێنێتەوە کە تاکرەوی یەك لایەنەو رێبازی چەسپاندنی حوکمی زۆرینە ئەنجامەکەی شکست خواردنە.

شیاوی وتنە کیسنجەر لە کۆتایی وتارەکەیدا ئاماژەیەکی زۆر جوانب ە کتێبەکەی (ئیمانوێل کانت) دەکات کە لە ژێر ناونیشانی (ئاشتی هەمیشەیی)یە (السلام الدائم)و پتر لە دوو سەد ساڵ لەمەوبەر نووسیویەتی: ئاشتی لە جیهاندا بەرقەرار نابێ ئەگەر ئەنجامگیر (ناتج) نەبێ، کە لە سۆنگەی:

١- بیرکردنەوەی مرۆڤ؛

٢- پەندو دەرس وەرگرتن لە رووداوە مێژووییەکان، دەردەست دەکرێن.

کەواتە ئەو دوو خاڵەی سەرەوە دەبنە مایەی زامنبوونی ئاشتی لە جیهاندا، بیرکردنەوەی باشو پەندو دەرس وەرگرتن لە رووداوە مێژووییەکان.

**ئایا سەرکردایەتی کورد دەتوانێ کەڵك لە وتارەکەی کیسنجەر وەربگرێ..؟**

**لە بەرسڤی ئەم پرسیارەدا چەند خاڵێك دەخەمە بەر چاوی لێپرسراوانی بە توانای کوردو رۆشنبیرانی، کە شیاوی دیالۆگو تاووتوێ کردنن:**

**یەکەم/ پێویستە تا زووە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەر لە دەست پێکردنی هەڵبژاردن بە بیرێکی قوڵ لەم وتارەی کیسنجەر بکۆڵنەوە، دوور لە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی. ئەگەر بلوێ دەستەی تایبەتی بۆ دابنرێت کە لە ئەکادیمیانی بە تواناو سیاسەتوانان پێك هاتبێت، بە شێوەیەك بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەی کورد لە پێش هەموو شتێکەوە لەبەر چاو بگرن لەم کاتو ساتە نالەبارەی عیراق.**

**دووەم/ لە وتارەکەیدا کیسنجەر زۆر لای مەبەستە کورد بە مافی رەوای خۆی بگات. بە بۆچوونی من بە یەکرِیزی هەموو حیزبە تێکۆشەرەکانی کوردو هەموو سەرکردە سیاسییەکانی، بە تایبەت هەر دوو بەرێزان (جەنابی کاك مەسعوودو جەنابی مام جەلال)، دەکرێ دەستەبەر بکرێ. ئەوەش لە سۆنگەی دابەزینیان بە یەك لیست لە پەرلەمانی عیراقو کوردستاندا. بۆ لە هەردوو پەرلەماندا؟ چونکە ئەمرۆ رۆژی جیچگیر کردنی مافەکانی کوردە کە چەندین لە رۆڵەکانی لە پێناویدا خوێنی سوورو گەشی خۆیان کردووەتە قوربانی. ئەمرۆ رۆژی ململانێ نییە، لەبەر ئەوەی هەر کارێکی نادروست هەشتاو سێ ساڵ کورد دەگەرێنێتەوە دواوە...!! دەبێ کورد نەترسێتو لە خۆبایی نەبێت بلێت یەك لیستی لە پەرلەمانی کوردستان یانی پەنجا بە پەنجا یانی دووبارەبوونەوەی جەنگی ناوخۆیی..! من ناڵێم پەنجا بە پەنجا، بەڵکو شێوەی تر هەیە کە بیری لێ بکرێتەوەو بۆ ئەوەش ماوە بە دەستەوە ماوە.**

**رۆژی ١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤ لە تەلەڤزیۆنی یەکگرتوودا چاوپێکەوتنێکی بەرێز (کاك کۆسرەت رەسووڵ)م بینی[٤]، کە بە روونی وتی: شەڕی ناوخۆ لە ئاکامی پەنجا بە پەنجا نەبوو، بەڵکو دەستی سەددامو دارو دەستەکەی تیابوو... من بەڵگەم بۆ وتەکانی بەرێز کاك کۆسرەت هەیە، کە لەم خاڵانەدا چری دەکەمەوە:**

١- **لە ساڵی (١٩٩٢) حکومەتی کوردستان دامەزرا، کە تا ١ی مایسی ١٩٩٤ جەنگی ناوخۆیی سەری هەڵ نەدا. کەواتە پەنجا بە پەنجا پێوەندی بەو بابەتەوە نییە.**

٢- **هەموو گەلی کورد دەزانێت کە پتر لە سێ سەدو پەنجا فەوجی جاش (ببورن..!) لە کوردستاندا هەبوو، واتە سێ سەدو پەنجا هەزار چەکداری بەکرێ گیراو لە لایەن رژێمی بەعس، ئەوە سەرەڕای مەفرەزە خاسەکانو...هتد کە لەو رۆژگارەدا ژمارەی هێزی (پێشمەرگەی بەرەی کوردستان) نەدەگەیشتە چەند هەزارێك. دەخوازم بێژم ئەوانە بە مانەوەی سەددامو رژێمەکەی پاش جەنگی یەکەمی کەنداوو پاککردنەوەی بەشێکی زۆری کوردستان لە چنگی رەشی بەعسیان، هێشتا پێوەندیان پێوە نەبرا بوون، بەڵکو**

هەرگیز لە کاردا بوون بۆ گەورەتر کردنی دەللاقەکانی جیاوازیو رکەبەرایەتی نێوان دوو حیزبە گەورە تێکۆشەرەکە. لەم رووەوە فایلە زۆرو زەبەندە ئاشکرا بووەکانی پاش رووخانی رژێمی بەعس حاشا هەڵ نەگرنو سەلمێنەری دروستیی ئەم راستیەن.

٣- دەوڵەتانی هەرێمی (سوریاو ئێرانو تورکیا) کۆبوونەوەی سێ قۆڵیان بەردەوام دەبەست لە تارانو ئەنکەرەو دیمەشق کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا تا هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆیی لە ١ی مایسی ١٩٩٤و لەو پێناوەشدا هەموو هەوڵێکیان دەدا بۆ لەبار بردنی ئەزموونو تێکدانی رەوشی ئاسایشی کوردستان. سەرباری ئەوانەش نابێت رۆڵی کورد خۆی لە پترو پتر تەشەنەسەندنی ئاگری جەنگەکە لە یاد بکرێ. جیچی سەرنجە دەکرێ لە پەراوێزی وروژاندنی ئەو پرسیارەدا کە (ئایا مەترسی دووبارە بوونەوەی جەنگی ناوخۆیی هەیە ئەم جارە..؟) چەند سەرنجێك تێبینی دەکرێ:

١- رەوشی پەروەردەو فێرکردنو باری خوێندنو رۆشنبیری بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستاندا ئێستا زۆر پەرەی گرتوە بە بەراورد لەگەڵ سالانی جەنگی ناوخۆیی. ئەو رۆژگارەی یەك زانکۆ بوونی هەبوو لە کوردستاندا، ئەمڕۆ کورد لە کوردستانی عیراقدا خاوەنی چوار زانکۆیە (سەلاحەدین، سلێمانی، دهۆكو کۆیە). ئەوە جگە لە کردنەوەی چەند پەیمانگاو کۆلیژێك لە شارۆچکە جیا جیاکانی کوردستاندا، وەك (شەقلاوە، کەلار، ئاکرێ، چەمچەماڵ، سۆرانو رانیە). کە بە نۆرەی خۆیان هۆشی نەتەوەییو باری رۆشنبیریی کوردیان برەو بەرزی هەڵکشاندووە.

٢- دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پتر لە سیانزە ساڵە ئاشنا دەکرێن بە پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی سەردەمو سالانێکی زۆریشە کۆمپیوتەرو سەتەلایتو ئینتەرنێتی لە مەڵبەندە بازرگانیەکانی کوردستاندا بۆ فەراهام دەکرێ، کە کاردانەوەی چاکی لەسەر ئاستی فیکری زۆری خەڵك نواندووەو سەرقاڵی بەرهەمە پێشکەوتووتەکانی زانستو تەکنەلۆژیای کردوونە.

٣- لە سالچەی (١٩٩١)ەوە زۆر لە خەڵکی کوردستان لەبەر مانەوەی رژێمی بەعسو کارە چەپەڵەکانی لە کوردستاندا بۆ هەندەران کۆچیان کرد، کە گەنجان پشکی شێریان پچڕی بوو لەو کۆچ کردنە. ئێستا لەبەر رووخانی رژێمی سەددامو ئارامیو ئاسایشیکوردستان وا پەیتا پەیتا دەگەڕێنەوە ولات. گەڕاوەکان سەرەڕای ئەوەی هەستی نەتەوایەتیان پەرەی سەندووە، بە تەنگ کارو بژێوی خۆیانەوەنو دژی ئاژاوەنو....

٤- دیاردەیەکی زۆر گرنگ ئەمڕۆ لە کوردستاندا پێش چاوە، ئەویش پیچشکەوتنی بازرگانیو پیشەسازییە لە کوردستاندا کە خەڵکێکی زۆری کوردستانی پێوە سەرقاڵە. بە لەبەر چاو گرتنی ئەم پێشکەوتنەش هەرگیز مەحاڵە جارێکی دی جەنگ بەرپا بێتەوە. چونکە هەر

شوینیك رەوتی بازرگانی تیدا بێ، لە ئاژاوەو پەشیوی دوورە پەریز دەبێ و خەلکەکەیشی رقی لە ئاژاوەچیان دەبیتەوە. نموونەی ئەو راستیە کۆمەلگای (ئیمارات، قەتەر، یابانو زۆربەی هەرە زۆری وڵاتە ئەورووپیەکانو... هتد).

٥- ئیستا سەددامو رژیمەکەی گۆر بە گۆر چووە، کەواتە دوژمنی سەرسەختی کورد لە نیو چووەو بەرپرسی سەرەکی خستنەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی لە نیو کورددا نەماوە، کە ئەویش لە دیدی مندا زۆر گرنگە.

٦- وڵاتانی هەریمی ئیستا وا بزانم گەیشتوونەتە ئەو باوەرەی کە کورد لە عیراقدا دژی ئەوان نییەو ناشبیتەکۆسپ و چورتوم لەبەر دەمیان، بەو بەلگەی کە ئیستا کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتانە (واتە تورکیا و ئیرانو...) لە پیشبرکیدان لەسەر قۆزتنەوەی پرۆژەکانی کوردستان.

شیاوی باسە دەکرێ هەر لە پەراویزی بەرسڤی هەمان پرسیاری پیشەوەدا سەرنجی دیکە تۆمارو ئاماژە پێ بکرین کە لیرەدا نەم ویست دریژدادری بکەم. هەروەها ئەو چەند خال سەرنجەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان پیدا جیی دیالۆگەو دەکرێ زیاتر تاووتویی لە بارەوە بکرێ بۆ دەستەبەر کردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد.

سییەم/ دوای هەلسەنگاندنی وتارەکەی کیسنجەر بۆمان دەدەکەویت کە وڵاتانی دراوسیی عیراق ناتوانن قامك لە کاروباری پرۆسەی سیاسی عیراق وەربدەن. بەلکو بە پیچەوانەوە دەتوانرێ کەلك لەو وڵاتانە وەربگیریت بۆ چەسپاندنی عیراقیکی فیدرالی و دیموکرات، بە بەلگەی ناوهینانی تورکیا لە وتارەکەی کیسنجەر.

چوارەم/ لەم وتارەدا کیسنجەر زۆر بە روونی پیشنیاری سەرۆك بووش دەکات کە دەبیت پشت بە دەولەتانی دیکە ببەستێ بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی لە عیراق. کەواتە پیویستە لەسەر کورد هەولەکانی خۆی یەکخات هەر لە ئیستاوەو هەول بدات کەنالەکانی پیوەندی لەگەڵ یەکتر بەهیز بکات، بە تیبەتی لەگەڵ دەولەتانی ئەندام لە ناتۆ جگە لە روسیا و یابانو...هتد.

بۆ ئەوەی مەلەفی کورد بەرز راگیردریت و هەولی جیدی بدریت لەگەڵ گەورە دەولەتان کە کورد بە سیفەتی چاودیر لە (U.N) قەبووڵ بکرێ، لە شیوەی فەلەستینیەکان. ئەم کارە زۆر پیویستە، بەڵام نازانم سەرکردایەتیکورد لەم رووەوە تا چەند کاری کردووە...؟

پەراویزەکان:

(١) بروانە: د. بورهان یاسین، ئەوی ئەورۆ سیاسەتە... سبەی میژووە، سلیمانی، ٢٠٠٢.

(٢) دەقی هەر دوو نامەکە لە لامە، لەسەر سایتی (www.kurdishmidia.com) لە ٩-١٠ی نیسانی ٢٠٠٣ بلاو کراونەتەوە.

(٣) د. بورهـان ياسـين، ئايـا كـاتى ئـەوه هـاتووه (پ.ك.ك) واز لــه خــەباتى چــەكدارى بــهێنێت، رۆژنامەی (پـەيام)، ژ (١٢)، ١٩٩٨. هـەروەها خوێنــەر دەتوانــێ ئـەم بابـەت لـه كتێبــى ( ئـەوى ئەورشۆ سياسەته.. سبەی مێژووه)شدا بخوێنێتەوه.

(٤) بۆ مێژوو لێرەدا ئەو باسه تۆمار دەكـەم؛ سـەرەتاى سالّى (١٩٩٧) بـوو كـاتێك لەگـەڵ دوكيـۆر بهرام خدر مولود دا (سەرۆكى زانكۆى سەلاحەدين/هەولێر، كه له لايەن (پدك)ەوه راسپێردرابوو بۆ وتوويـژو گفتوگۆ لەگـەڵ (ينـك)) كـه ئـەو جـاره كـاك دوكتـۆر ئەرسـەلان بـايزيش ئامـادەی وتووێژەكه بـوو، كـه بـەرێز كاك كۆسرەت بـه دوكتـۆر بـەهرامى وت: بـه جـەنابى كاك مەسـعوود بلّێبا چيتر ئەم ناكۆكييه بەردەوام نەبێ، من ئامادەم خوێنى خۆم بكەمه قوربانى، تەنيا ئاشتى بەر قەرار بكرێ. له سايەى خواو سەركردەكانمان لەو رۆژەوه ئاشتى بەرقـەرارو بەرقـەرارتريش دەبێ ئينشائەڵلا.